چیرۆک

# ناسنامەیەکی جنراو

خەبات ڕەسووڵی



من کە بە تەنیا دەبم بیرم دەبێتە بەچکە چۆلەکەیەکی ڕووتەڵە و هەر بە قنەقن لەو لک بۆ ئەو لک و لەو دار بۆ ئەو دار لەو بەرد بۆ ئەو بەرد باڵ لێ دەداو پاشان بە هانکە هانک لە جێگەیەک دادەنیشێ و چاو لە ئەسپی خەیاڵی کەڵە نووسەرەکان دەکات، کە بە پڕتاو و بە نەرمە غار بەلایدا تێدەپەڕن و لە نێو تەپ و تۆزی بن سمیاندا ون دەبێ.

ئەو شەو لە تەنیاییش وەڕەز بووم و پێم خۆشە دەنگی مرۆڤێک ژوورەکەم ڕاچڵەکێنێ و قسەم بۆ بکات. گرینگ نییە باسی هێرشی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات یان

باسی بێ ئاوی و گرفتی کارەبا.

بەکەناڵەکانی تەلەفیزیۆنەکەدا دێم و دەچم و دەسووڕێمەوە. وێنەی فیلمی (ق. م) ڕام دەگرێ و بە تامەزرۆیی پازەدە، بیست ساڵ لەوەپێشەوە چاو لە تەلەفیزیۆنەکە دەبڕم. دیسان دەیەوێ بچێ بۆ ئۆردووی (ڕ) و بەجێ ماوە.

بە دیتنی ئەو بەشە لەو فیلمە ڕێک دەچمەوە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی قوتابخانەی (ش. م) لە (ب) و لە پشت مێزو کورسییەکی کۆنی ژەنگاوی چاو دەبڕمە تەختەڕەش و وزەی منداڵی تێمدا دەهەژێ و لە پڕ دەچمەسەر سەندەلیەکەو بەسەر مێزەکەدا دادێمەوە و بە پەلەپیتکە لە گوێچکەی هاوپۆلەکەی پێش خۆم دەدەم و باز دەدەمە خوارێ. ئەویش هەڵدەستێ و وەدوام دەکەوێ. تەنیا من نیم هەموویان هەر وان و تەپ و تۆزی هاروهاجییان پۆلی داپۆشیوە. موبسیری کلاس هەر زوو زوو لەسەر تەختەڕەشەکە نێوی منداڵەکان دەنووسێ.

چاوێک لە تەختەڕەشەکە دەکەم. لەلای ڕاست نووسراوە (ازخوب) و لە لای چەپ نووسراوە (ازبد). لای چپ خەریکە نێوی هەموو پۆلی تێدا دەنووسرێ و لای ڕاست لەبەتاڵیدا دەدرەوشێتەوە نێوی منیش نووسراوە. گوێی نادەمێ و هەروا وەک کاژیلەیەک هەڵبەز دابەزمە.

لە پڕ دەرگای ئاسنی پۆل دەکرێتەوە و ئاغای (عین) بە شیلانگێکی سوورەوە وەژوور دەکەوێ. کۆت و شارواڵێکی بۆری لەبەردایە و قەڵافەتی ڕەقڵ و درێژی بەری بە رووناکایی دەرکە گرتووە. هەمووان لە جێگەی خۆیاندا سڕدەبن. بە دەنگی جنیۆدانی ئاغای (عین) پۆل دەچێتە بێدەنگییەکی سامناکەوە. کڕی باڵ بەسەر پۆلدا دەگرێ. تیشکی خۆرەکە لە پشتە سەری دراوە و دەم و چاوی دیار نییە و لە جیات دەم و چاو خاڵێکی ڕەش دانراوە. کە دێتە ئەولاتر دەم و چاوە ڕەقەڵە و ڕیشنەکەی وەدیار دەکەوێ. چاو لە تەختە ڕەشەکە دەکات و نێوەکان بەڕق و تووڕەییەکی لەڕادەبەدەر دەخوێنێتەوە ئازای گیانم شل دەبێ و دەلەرزێ. من منداڵێکی پێلەرزۆک نیم، بەڵام دەزانم دوو دەقیقەی دیکە چیمان بەسەر دێ. ئاغای (عین) بێ دوودڵی شیلانگەکە بەسەر و گوێلاکمان دەناسێنێ و بەو پەڕی دڵ ئاواڵەیی و بەخشەندەیی تۆز تەکێنمان دەکات. بەری دەستم، شانم، سەرم، پشتم، جێگانەماوە خوری شۆڕنەکرێ و ماری سوور بە سەریدا گەزارەی نەکێشابێ و شوێنی بەجێ نەهێشتبێ. تەوێڵی لە ئارەقە هەڵکشاوە و دەڵێی لەشەڕی کوفاردایە و شیر لە

بەرامبەر دوژمنانی خودادا دەوشێنێ و شێرئاسا بۆتە پاڵەوانی بەجەربەزەی جیهادێکی تاکە کەسی. دەنگی هاوار هاوارمان دەگاتە حەوێقی ئاسمان و کەس بە فریامان ناکەوێ و لێدانێکی باش نۆش گیان دەکەین. پاش بیست دەقیقەیەک کە هەموو لە جێگەی خۆیان بوونەتە بەرد و ترس بە کورسییەکانیانەوەی دایکوتاون. ئاغای (عین) شیلانگەکە فڕێدەداتە سەر مێزی مامۆستا و فارسییەکی تێکەڵاو بە تورکی دەڵێ: من هاتبووم پێتان بڵێم ئەوەی پێی خۆشە هاوین بچێتە ئۆردووی (ڕ) سبەینێ سێسەد تمەن لەگەڵ ڕەزایەت نامەی باوکی بێنێ وبە منی بدات. وشەی ئۆردوو و سەفەرکردن لە مێشکمدا وەک بۆمب تەقییەوەو هەرچی تێهەڵدان و کوتان بوو لە بیرم چۆوە. شەوێ بوومە بنێشت و بە باوکمەوە نووسام کە دەبێ من بچمە ئۆردوو باوکم لەسەرەتادا گوتی: هەر بیریشی لێ مەکەوە. بەڵام کەڵکەڵەی سواربوونی ئوتووبووس و هاژەی سەیارەکانی جادە و دیتنی نەبینراوەکان لەوە بەهێزتربوون ئیزنی پاشەکشەم پێدەن و من سوورتر لە جاری یەکەم و دووەم وبیستەم پێداگریم لەسەر قسەکەم کرد. تا باوکم بە ناچاری ئیزنی دا لەسەر کاغەزێکی خەتدار نووسی من بە ڕۆیشتنی کوڕەکەم بۆ ئۆردووی (ڕ) ڕازیم و پاشان سێسەد تمەنی خستە بەری دەستم و گوتی: خودام لەو خودایە لە شارە عەجەمان ون بی.

من بە پێکەنینەوە: گوتم: ناهەر تەنیا من نیم، هەموو قوتابخانە دێن. سبەینێ بە هەزار ئەڵڵا وەڵڵا ئاغای (عین) م لە نێو ئاپۆرەی قوتابیانی ئامادەی سەفەردا وەگیرکەوت و نێوی لەسەر کاغەزەکەی نووسیم. ئیدی من لەو ڕۆژەوە تا ١٥ی مانگی یەکەمی هاوین، بە تامەزرۆیی چاوەڕێی ئەو ڕۆژە بووم و بە دەیان خەونم بە شەو و بەڕۆژ بە کاتە خۆشەکانیەوە بینی

تێبینی: پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر لە دانانی پیت لە جێگەی نێو پەشیمان بوومەوە بۆیە لێرە بەدواوە ئەو پیتانە بەومانایە دێن.

١- (ق. م) = قازی مل درێژ

٢- (ڕ) = ڕووبار

٣- (ش. م) لە (ب) = شینە ملوانکە لەبەهاردا

٤- (عین) =عەلی یار

ڕۆژهات و شەوهات و ئاخری ١٥ی مانگی یەکەمی هاوین گەیشت ومن لە حەوتوویەک لەوەپێشەوە لەلایەن دایکمەوە بە ساکێک پڕ لە دەرزی و دەزوو، حەبی سەرێشەو ئیسهال و قاپ و کەوچک و کراسی بنەوە و سەرەوە پەتووی خەوتن و.... تا، پڕچەک کرابووم و

ساکێکی له خۆم قورستر له ڕۆژی ۱۰ی مانگی یەکەمی هاویندا له کاتژمێری ۷ی بەیانی چاوەڕوانی من بوو.

قورسی ساکەکه و دڵنیگەرانی، دایکمی تا بەر دەرکەی قوتابخانه هێنا و ئەویش وێڕای من و دەیان قوتابی دیکه له پەنا دیواری قوتابخانه چاوڕێی پاسێک بوو که قەت نەهات.

کاتژمێرەکه بەکاوەخۆ دەجوولاوە و بێ ئوقرەیی سەفەر و نەهاتنی پاس و کەس و قوفڵی دەرکەی قوتابخانه ببوونه تێڵایەک و سەروسەکتی ئێمەی دەکوتایەوە.

پاش زیاتر له چەند کاتژمێر چاوەڕوانی به لەشێکی ماندوو و دڵێکی پڕ له گریان و چاوێکی تەژی لەفرمێسک، لۆژەلۆژ له پەنا دایکمەوه بەرەو ماڵێ داگەڕامه خوارێ.

نیوەڕۆ پاروویەک نان له گەرووم نەچووه خوارێ و له داخان تا ئێواره نووستم. ئێواره تەلەفزیۆنەکەم هەڵ کرد. خراپترین فیلمێک که لەوساتەدا دەمتوانی چاوم پێی بکەوێ، چیرۆکی سەفەر ی (ق.م) بۆ (ڕ) بوغزی له گەرووما تەقاند و کوڵی گریان بووه باهۆز ومنی پووشکەی لەگەڵ خۆی وەک بابردەڵەیەکی سووک هەڵگرت و ئەسرین چاومی له خۆیدا نووقم کرد و ڕوومەتی داپۆشیم.

بەڵێنم به خۆم دا له یەکەم ڕۆژی دەستپێکی قوتابخانه لەلای بەڕێوەبەری قوتابخانه شکایەت له ئاغای (عین) بکەم و ئابڕووی بەرم. پاش دوو مانگ و نیو تێپەڕین بەسەر ئەو ڕووداوه که لەوکاتەی تەمەنمدا پیم وا بوو کارەساتی واگەوره بەسەرکەسدا نەهاتووه و زوڵمی وا له مێژوودا بێ وێنەیه. که گەیشتمه بەردەمی بەڕێوەبەر و بەترس و شەرمێکەوه گوتم: ئاغای (عین) له کوێیه؟ ئەویش گوتی: ئەو ساڵ لێره نابێ ڕۆیشتەوه بۆ شاری خۆی من گوتم: ئەو قۆڵی ئێمەی بڕی. پووڵی لێ وەرگرتین و هەڵات ڕۆیشت.

بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان که تا ئەو کاته بەلاچاوێک چاوی له من دەکرد و شیلەنگێکی له پشت قوونی به هەردوو دەست ڕاگرتبوو و چاوی له هاتووچۆی قوتابیان دەکرد ڕووی تێکردم و بێ دەنگ تێیڕوانیم.

گوتم: ئاغا بۆ مامۆستای تورکمان بۆ دێنن؟ ئەوان ڕقیان له ئێمەیه. به گوتنی ئەو قسەیه ئیدی بەڕێوەبەر دەتگوت بەردم به کەعبەدا داوه، هەڵچوو وبەکەیفی دڵی خۆی زللەیەکی له بنا گوێم دا و گوتی: یەڵلا له پێش چاوم ونبه. ئەرکم بۆ دیاری دەکات.

تێبینی: نووسەر بەڵێنی دا له جیاتی پیت، ناو دانێ بەڵام له بیری چوو بۆیه داوای لێبوردن دەکات.